# ناسنامەی ئایدۆلۆژی مەرجی پێشکەوتنی تاك و کومەڵگای کوردستانە

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

2005-12-30

هیچ تاك و کومەڵگا و دەسەڵاتێك بەبێ دیدوو بۆچوون و لێکدانەوە ی تاییەت بۆ سەردەمە جیاکانی ژیان ، ناتوانێ مورکی ناسنامەی خۆی لە ناوچەوانی ڕووداوەکان بدات و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامەرێژکراو لە کاروانی خەبات و تێکۆشاندا پێشبکەوێت . ئەو کومەڵگا و پێکهاتانەی خاوەنی ئایدیۆلۆژیای تاییەت بە قۆناغ نەبوون ، لە گەڵ ئەوەشدا کە لە بواری سەرمایە و ئابووریەوە دەوڵەمەند بوون بەڵام نەیانتوانیوە مێژوو و ناسنامەیەکی زیندوو بۆ خۆیان بەدەست بێنن . وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی سەرمایەیەکی سرووشتی وزەی نەوتن لەم نموونەیەن ، کە جێ پەنجەیان لە سەر پێشکەوتن و خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا هێندە لە بەرچاو نیە . بەڵام لەو لاشەوە کۆمەڵێکی تری کۆمەڵگا و وڵاتی پێشکەوتوو هەن خاوەنی هێند سەرمایەی سرووشتی نین کەچی لە ولاتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی ئابووری و کومەڵایەتی و کلتووریەوە لە پێشترن ، ژاپۆن و وڵاتە ئەورووپیەکان لەم نمونانەن کە مێژوویەکی شکۆداروو پێشکەوتنێکی هەمەلایەنەیان بۆ خۆیان و سەرجەم مرۆڤایەتی تۆمار کردووە . بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە پێشکەوتوانە خاوەنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژیای تاییەت بە قۆناغی خۆیانن ،قۆناغی سەرمایەداری ، بەڵام وڵاتە دواکەوتووەکان بە ئایدیۆلۆژیای سەردەمی کۆنی دەرەبەگایەتی و پێشتریش ، لە دیاردە سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتیەکان دەڕوانن .

ئەم سەردەمە کە مرۆڤایەتی تێدا دەژیت قۆناغی گۆڕان و گەشەکدنی کومەڵگای سەرمایەداریە کە بنەمای ئایدیۆلۆژی تاییەتی خۆی هەیەو لە قۆناغەکانی تری پێش خۆی جیای دەکاتەوە .

ناسنامەی ئایدۆلوجی (فکری) سیستەمی سەرمایەداری لە سەر 3 سێ کۆڵەکەی سەرەکی داکوتراوە( 1 ) ، کە ئەمانەن :

1. علمانیەت : هزری بیرکردنەوە و بڕیاردانی تاك و کومەڵگای سەرمایەداری هزرێکی زانستیە (علمانیە،سکولارە) ، لە گەڵ دەستپێکردنی کومەڵگای سەرمایەداریدا هزری میتولۆژی و ئاینی ڕوەو کزی و لاوازی ملیان ناوە و وردە وردە جێگەیان بۆ بیرکردنەوەی زانستی چۆڵ کردووە . کومەڵگای سەرمایەداری بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی چاخەکانی سەرەتایی و ناوین لە گەڵ پێشکەوتنەکانی بواری زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەمدا ، توانی مرۆڤ بکاتە خاوەنی بیرکردنەوە و بڕیاردان بە بێ ئەوەی پێویستی بە هێزێك هە بێت لە دەرەوەی‌خۆی بیری بۆ بکاتەوە و بڕیاری بۆ بدات . لەم بوارەدا مرۆڤ بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی سرووشت و پەیوەندیەکانی نێوان کومەڵگا و سرووشت و پێوەندیە هەمەجۆرەکانی ناو کومەڵگا و تاك ، تێکۆشانی خۆی دەستپێکرد و سەرکەتنی بەدەست هێنا .

2.تاکڕەوێتی (الفردیە) : ئەم چەمکەش یەك لە تاییە تمەنیە ڕۆحیەکانی سیستەمی کومەڵگای سەرمایەداریە ، سیستەم و دەسەڵاتەکانی پێش سەرمایەداری کۆمەڵگایان کردبوویە کابووسێك و تاکیان پێ خنکاندبوو ، لە قۆناغە جیاجیاکانی سیستەمی چینایەتیەوە (کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی ) تاك لە خەباتی بێوچاندا بووە بۆ خۆدزینەوە لە بەندێتی زیندانی کومەڵگا و ئازادبوون ، بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا تا کومەڵگای سەرمایەداری ئاوا نەبوو . بۆیە یەك لە ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئەو تاکەیە کە دەیەوێت تۆڵەی خۆی لە کومەڵگاو کومەڵبوون بکاتەوە ، دەبینین تاك لە کومەڵگای سەرمایەداریدا زنجیری خۆی پساندووە و بەرەو ئازادی دەڕوات ، هەندێ جاریش خەریکە لە خۆشیاندا دووچاری شێتی بێت و ئەگەر پێوانەی یاسایی و ئەخلاقی بۆ کردەوەکانی دانەنرێت دوور نیە هێندەی کومەڵگا دۆگما و داخراوەکان زیان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بگەیەنێت .

3.هیومانیزم (مرۆڤ پەروەری ) : ئەم هەست و هوشیاری مرۆڤ دۆستی و بەڕێزیەی مرۆڤ یەك لە چەمکە گرنگەکانی تری ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کومەڵگای سەرمایەداریە ، لە کومەڵگەکانی پێش سەرمایەداریدا تاك ، پابەندی یاسا و ڕێساکانی کومەڵگا بووە و لە ناویاندا قووتدراوە و ونبووە . بوونەوەرێکی بێ کاریگەر بووە ، ئەوەی پێی نەوتراوە و بڕیاری بەسەردا نەدراوە جێبەجێی نەکردووە ، تواناکاری داهێنانی لێسەنراوەتەوە و بە چاوی سووك و وەك خزمەتکار سەیرکراوە ، هەموو مەزنایەتی و بایەخدانێك بە هێزی خودایی و نوێنەرەکانی خودا ( لە سەر زەوی ) بەخشراوە .

لە قۆناغی سەرمایەداریدا مرۆڤ ڕێزی پەیدا کردو ، چیتر وەك جاران بە چاوی بچووك سەیر ناکرێت و لە سەر پێی خۆی وەستاوە بۆ ئازادی و داهێنان ، یاسا و ڕێسای نوێ کە دەرفەت بۆ هەمو مرۆڤەکان برەخسێنێ تا هاوسەنگی لە نێوان ئەرك و مافەکانیاندا بەرجەستە ببێت هاتۆتە کایەوە . مافە بنەڕتیەکانی مرۆڤ و یاساکانی ئازادی ڕادەربڕین و چەمکەکانی کومەڵگای مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی هەموویان پێکەوە سەرچاوە و لقەکانی چەمکی هیومانیزم پێکدەهێنن .

هەر هەموو لقەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کومەڵگای سەرمایەداری لە خزمەتی تاك دایە ، تاك بە بنەمای سەرەکی داهێنان دەبیێت ، تاك خاوەنی هەموو جۆرە مافەکانە لە کومەڵگادا ، مرۆڤپەروەری و ڕێزی مرۆڤ پێوانەیەکی هەستیاری کومەڵگایە لە سیتەمی سەرمایەداریدا .

ئەگەر کومەڵگای باشووری کوردستانی ئێمەش پێینابێتە قۆناغی سەرەتایی سیستەمی سەرمایەداریەوە ،دەبێ چاودێری بوون و نەبوون، یان بەهێزی و لاوازی لقەکانی ئایدیۆلۆژیای سیستەمی سەرمایەداری لە سەربکەین بۆ ئەوەی بزانین کومەڵگاکەمان بە چ ئاقارێکدا مل ئەنێت و چۆن بتوانین کاریگەریمان ببێت بۆ ڕاستکردنەوەی لادانەکان و پێشخستنی ڕێڕەوە ڕاستەکان .

له سەردەمی بە جهانی بووندا سیستەمی سەرمایەداری له کومەڵگای کوردستاندا له سەرەتای گەشەکردندایه ، ئەگەرچی ئابووری کومەڵگای سەرمایەداری له کوردستاندا وابەستەی کومەڵگا پێشکەوتووەکانی تری ناوچەکه و جهانه ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت که کوردستان نەبێته خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی مودرێنی سیستەمی سەرمایەداری و له رێی ئەو ئایدیۆلۆژیەوە دیاردە سیاسی و کومەڵایەتی و کولتوریەکانی کومەڵگاکەی و دەوروبەری نەخوێنێتەوە .

ئەو کەسەی کاروباری سیاسی و کومەڵایەتی کوردستانی بەلاوە گرنگ بێت و سەیری دیاردەو رووداوە جیاجیاکانی بکات ئاڵۆزیەکی هەمەلایەنە له بواری ئیداری و ئابووری و خزمەتگوزاری و مافەکانی مرۆڤدا بەدیدەکات . قەیرانێکی هەمەلایەنە له پێوەندی نێوان تاك و دەسەڵات ،کومەڵگا و دەسەڵاتدا بەدیدەکات . دەبینێ کێشەو ململانێکان رۆژ له دوای رۆژ قووڵدەبنەوە و بە بێ چارەسەری دەمێننەوە . هۆکاری ئەم دیاردە ئاڵۆز و لێکتێنەگەیشتن و دووركەوتنەوەی پێکهاتەکانی کومەڵگاکەمان له یەکتری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که کومەڵگا له قۆناغێکدا دەژی دەسەڵاتی کوردیش بە جۆرێکی تر و بە ئایدیۆلۆژیای قۆناغێکی تر بیردەکاتەوە و بڕیار ئەدات . کومەڵگا له سەرەتای سیستەمی سەرمایەداریدایه ، ئایدیۆلۆژیای حوکمرانیش هی سەردەمی تیرەگەری کویلایەتی ، دەرەبەگایەتی ، سیستەمی سوسیالیزمه بنیادنراوە (سیستەمی سوسیالیست مافی تاکی کردووە بە قوربانی کومەڵگا ) ، له ئاستێکی سنوورداریشدا بەرپرسە دەسەڵاتدارەکان وەك تاکە هارووهاجەکانی کومەڵگا ی سەرمایەداری لغاویان بۆ شلکراوە ، بەڵێ بەم شێوەیە دەبینین چەمکەکانی میتولوژیا ، تیرەگەری ، ئاین ، چەپی کلاسیك و هەندێ له ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری بە هەموویانەوە له کوردستاندا تێکەڵەیەکی فکری سەرنج ڕاکێشی دەگمەنیان درووستکردووە و وەك ئایدیۆلۆژیای باوی کاریگەری دەسەڵاتی کوردی خۆی له هەموو بوارێکی ژیاندا بە زۆر بارکردووە . دەسەڵاتدارانی کوردستان له بەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەم کلتووره تێکەڵ و پێکەڵەیەدا ژیاون ، بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە و له سەر مۆدێلی کۆنی ئایدیۆلۆژی خۆیان لانسیان وەرگرتووە و خۆیان ناگۆڕن ، دەیانەوێت لێکدانەوە سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتیەکانیشیان ڕاست دەرچێت . لەولاشەوە تاکەکانی کومەڵگا بە تایبەتی لاو و رۆشنبیرەکان که له گەڵ سەردەمی تەکنولۆژیا و جهانگیریدا چاویانکراوەتەوە(بە تایبەت ئەوانەی له دەرەوەی وڵات دەژین) وەك مرۆڤێك خاوەنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژیای کومەڵگای سەرمایەدارین و خوێندنەوەکانی ئەوان بۆ دیاردەکان له خوێندنەوەی دەسەڵاتداران ڕاستترە ، بۆیە له گەڵ دەسەڵاتی کوردیدا کەوتونەتە گێرمەو کێشەی هەمە لایەنە ، هەریەکەی بە لای خۆیدا ڕایدەکێشێ . هەرکەسێك له واقعی ئەمرۆی کوردستان بنواڕێت ئەم ڕاستیە بە چاو و گوێ و مێشکی خۆی دەبینێ .

ئەگەر سەیری ئایدیۆلۆژیای سیاسی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری کوردی بکەین تێکەڵەیەکی چەواشەکاری زانستی ،ئاینی ، تیرەیی و ئەفسانەیی سەیرمان بەرچاو دەکەوێت ، چەمکی زانستی بەسەر پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤەکاندا زاڵ نیە ، سۆزی ئەفسانەیی و تیرەیی و نەتەوەیی و ئاینی زورترین کاریگەریان له سەر بڕیار و هەڵوێست وەرگرتن هەیە تا پێوانە و هەڵسەنگاندنی زانستیانەی رووداوەکان . له کوردستاندا هەوڵدانێك هەیە بۆ بە کارهێنانی مرۆڤ وەك ئامرازی بەرهەمهێنان و رووتکردنەوەی له مافەکانی ، ئەو میکانیزمانەی دەیانەوێت پێڕەوی بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، هەمەجۆرن : مەلای ئاینی له رێگەی باوەڕ پێهێنان و ترساندن بە قەبروو قیامەت بەکاردەهێنن ، سیاسەتمەدار له رێگەی چاودێری و رێکخستنەوە بەکاردەهێنن ، دادوەر له رێگەی سزادانەوە بۆ ئەم مەبستە بەکار دەهێنن ، دەسەڵاتی ئیداری بۆ بەخشیش و چاو سووركردنەوە و نان بڕین بەکار دەهێنن . هەمووی له پێناوی ئاواکردنی سیتەمی خوا مەزنەکاندایه که کورد ئەمەی بە خۆیەوە نەبینیووە بەڵام بەردەوام خەوی پێوە بینیوە و ئەمرۆ دەیەوێت خەونەکەی ممارەسە بکات . ئەم هەوڵ و تەقەلایەی دەسەڵاتی کوردیش پێچەوانەی ئاڕستەی ڕوداوەکان و ڕەوڕەوەی مێژووی گۆڕان و وەرچەرخانە کومەڵایەتیەکانە و دژی بەرژەوەندی زۆرینەی زۆری تاکەکانی کومەڵگای کوردستانە . بۆیە ئاڵۆزی و لێکپچڕانە سیاسی و کومەڵایەتیەکان تا دێت قووڵ دەبێتەوە ، نیشانەکانی نزیك بوونەوە و رێکەوتن و ئاشتی کومەڵایەتی له ئاسۆدا بە دیناکرێن .

یەك له پێوانەکانی تری دووربوونی دەسەڵاتی کوردی له باشووری کوردستان له ئایدیۆلژیای سیستەمی سەرمایەداریەوە ئەوەیە که هەر هێزێك له لای خۆیەوە خۆی بە ناوەند دەزانێت وهێزەکانی تری گۆڕەپانی خەبات بە لاوەکی و بێ کاریگەر دەبینێت ، ئەم تێڕوانینە وا لەو هێزانە دەکات که نەتوانن ڕاستیەکان وەك هەن ببیانبینن و بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بڕیار دانیش دەکەونە هەڵەی سیاسیەوە و ناتوانن وەك پێویست کێشەکان چارەسەر بکەن . هەڵوێستی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری دابەشکەری کوردستان له بەرامبەر یەکتر و هەڵوێستیان له بەرامبەر حزبەکانی تری کوردستان و نوێ ترین هەڵوێستی خۆ بە ناوەندزانینیان و پەراوێز بینینی دەوروبەر ئەو هەڵوێستە نەگەتیڤەیان بوو که بەرامبەر بە کارە هەرە سەرکەوتووەکەی رێکخراوی (چاك) نواندیان .

دەسەڵاتی کوردی له باشوردا نەك هەر ئامادە نیە دان بە مافەکانی تاکدا بنێت و مرۆڤپەروەری وەك چەمکێکی گرنگ سەیر بکات ، بەڵکو بەردەوام له تێکۆشاندایه تا گەل بە مافەکانی خۆی شارەزا نەبێت و نەزانێت مافی خۆی چیە و مافی دەسەڵات چیە وسنووری نێوانیان کامەیه . دەسەڵاتی کوردی بەردەوام هەموو ئامێرەکانی چەواشەکاری خۆی بە گەڕ دەخات تا وا له تاکی کوردی بکات که بڕوا بهێنێ تەنها ئەرکی هەیە و مافی نیە ، بە پرووپەڵانتەی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی وا له خەڵك دەگەیەنێت که تاك درووستکراوە بۆ بەجێهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی دەسەڵات و بەس .

بەردەوامی دەسەڵات بە هەڕەشەکردن لە تاك کە حزب مافی کارکردن و هەناسەدان و خواردنی بۆ دابین کردوویت و ئەگەر بە گوێرەی ویستی حزبی دەسەڵاتداری فلان هەرێم نەجووڵێیتەوە و دەنگ نەدەیت ، نانت دەبڕین و لە سەر کارەکەت دەرت دەکەین ، بووەتە کلتوورێکی باوی حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان . ئەمەش بۆ خۆی زەوتکردنی مافی سەرەتایی مرۆڤە و چەواشەکردنیەتی تا لە مافەکانی خۆی تێنەگات ، لێرەشەوە دیاردەی گەندەڵی و کویلایەتی مرۆڤی کورد تا دێت قووڵ دەبێتەوە .

دەستبەسەراگرتنی هەموو چالاکیە ئابووریەکانی وڵات لە لایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە ، ئاماژە بەوە دەکات کە تاك مافی ئابووری خۆی لێسەنراوەتەوە و ناتوانێ لە ڕووی ئابووریەوە ئازاد و سەربەخۆ بێت ، هەر تاك و کومەڵگایەکیش لە ڕووی ئابووریەوە لە سەر پێی خۆی نەوەستێت لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە سەربەخۆ و ئازاد نابێت . ئەمەش بۆ خۆی چەمکێکی تری نامرۆڤانەیە کە لە دنیای پێش سەرمایەداریدا کاری پێکراوە و بەم سەردەمە نامۆیە .

بەم شێوەیە دەتوانین چەندان چەمك و دیاردەی ناشارستانی کومەڵگا کۆنەکان لە سیستەمی سیاسی دەسەڵاتی کوردیدا لەم کاتانەدا بدۆزینەوە کە هی چەندان سەدە لەمەو بەرن و کاریان پێدەکرێت . لەولاشەوە تاکە ئازادەکانی کومەڵگای کوردستان و سیستەمی نوێی جهانی مۆدێلێکی نوێی سیاسی لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەخوازن . ململانیکانی ئایندەی نێوان ئایدیۆلۆژیای کۆن و نوێی کوردستان چارەنووسی ئایندەی کومەڵگا و تاکی کوردی دیاری دەکەن . ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بڕوایان وایە کە کومەڵگای کوردستان لە قۆناغی سەرمایەداریدا دەژی ، دەبێ بە هزری سیستەمی سەرمایەداری هەڵسووکەوت لە گەڵ دیاردە سیاسی و کومەڵایەتی و ئابووری و کلتووری و ئیداریەکاندا بکەن ، نەك بە ئایدیۆلۆژیای سەدەکانی پێش ڕینسانس لە گەڵ ڕۆشنبیران و لاوان و ڕەش و ڕووتی وڵاتەکەمدا بجووڵێنەوە ، ئەگەر بە خۆیاندا نەچنەوە و نەگۆڕێن شەقی زەمانە دەیانگۆڕێت .

(1) لە دەوڵەتی ڕاهبی سۆمەر بەرەو شارستانی دیموکراتی : عەبدوڵا ئوج ئالان .